# لیستا کوردستانی، لیستا نویبون و ئاڤەدانیێ یە

# وێڕای دامەزراندنی دەیان کارگە، هێشتا بەرهەمی خۆماڵی ناتوانێت کێبڕکێی بازاڕ بکات


**خەبات/ئەمیر سەلیم**


**لەگەڵ ئەوەی لە کوردستاندا ساڵانە بە دەیان کارگە مۆڵەتی دامەزراندن وەردەگرن، کەچی بەهۆی هەندێک هۆکارەوە ژمارەییێکی ئەو کارگانە لە کاردەوەستن و ئەوانەی کە هەشن و بەردەوامن توانای کێبڕکێی بەرهەمی بیانییان پێناکرێت لە بازاڕدا:**

### 10% ی کارگەکانی دامەزراو لە ساڵی 2008 داخراون

بۆ دەستخستنی ئامارێکی تایبەت بەو کارگانەی ساڵانە دادەمەزرێن چ لە کەرتی تایبەتی یا حکومییدا **عەبدولڕەزاق عوسمان ناوەندەیی بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بە دواداچوون لە وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی کوردستان** گوتی : ژمارەی گشتی کارگەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان ( 1863) کارگەیە کە بەڕێژەی 44% لە هەولێر،40% لە سلێمانی، 16% لە دهۆک دابەشکراون . ژمارەی کرێکارانی ئەم کارگانە (13350)کەسە (55% لە هەولێر، 29% لە سلیمانی و 16% لە دهۆک) وبە گشتی 626 ملیون دۆلار (52 %هەولێر، 36% سلیمانی و 12% دهۆک) بۆ دامەزراندنیان سەرمایە گوزاری کراوە.

ئەم کارگانە لەسەر (21) کەرتی پیشەسازی دابەشکراون کە کارگەکانی پیشەسازی بە ڕێژەی )40%(،کارگەکانی ئاسنگەری بەڕێژەی )31%( وکارگەکانی خۆراک بەڕێژەی )9%( زۆرترین پێکهاتووی کەرتەکان دروست دەکەن . بەپێی پۆلینی سەرمایەگوزاری، ژمارەی کارگەکانی گەورە 85 (4.6%) مامناوەندی 216 (11.6%) و بچووک 1562 (83.8%) لە کۆتایی ساڵی 2008 بووە و ڕێژەی سەرمایەگوزاری بۆ کارگەکانی گەورە (59%) بۆ کارگەکانی مامناوەندی (20%) و بۆ کارگەکانی بچووک (21%) بووە.

بڕی سەرمایەگوزاری لە 694 کارگە (33%) کەمتر لە 50 هەزار دۆلارە، لە 280 کارگە (15%) لە نێوان 50 هەتا 100 هەزار دۆلاردایە، لە 400 کارگە (21%) لە نیوان 100 هەتا دۆلار، لە 159 کارگە (9%) لە نێوان 200 هەتا 300 هەزار دۆلار و لە 136 کارگە (7%) لە نیوان 300هەزار دۆلار بووە، بە جورێک لە تەنها لە 132 کارگە (7%) بڕی سەرمایەگوزاری لە 500 هەزار دۆلار زۆرترە.

ژمارەی کارگەکانی چالاک لە کۆتایی ساڵی 2008 دا (1684) کارگە بووە وبە هۆی هەندێک ئاستەنگ کە گرنگترینیان بارودۆخی بازاڕ بووە نزیکەی (179) کارگە داخراون کە دەکاتە نزیکەی 10% کارگەکانی دامەزراو لە ساڵی 2008 داخراون یان وەکو کۆگا سوودیان لێ وەردەگیرێت .

نزیکەی 70% کارگەکانی داخراو لە کەرتی پیشەسازی و بیناسازی بووە کە توانای بەرهەمهێنان لەم کەرتە زۆرترە لە پێویستی بازاڕ.

کارامەیی بەرهەمهێنان لە کارگەکانی پیشەسازی لە ساڵی 2008 بە پێی بەراورەکان (0.39) لە هەرێم بووە کە 0.45 بۆ هەولێر، 0.34 بۆ سلێمانی و 0.33 بۆ دهۆک حێساب کراوە . زۆرترین کارامەیی لە کەرتەکانی پیشەسازی فلزە سەرەکییەکان (0.63) و پیشەسازی خۆراک (0.73)دا بووە و کەمترین کارامەیی لە کەرتەکانی پیشەسازی چاپ (0.14) و بیناسازییدا (0.28) بووە.

کارامەیی بەرهەمهێنان لە (7) کەرتی پیشەسازیدا زۆرتر لە (0.50) و لە (3) کەرت کەمتر لە (0.30) ە. کارامەیی بەرهەم هێنان لە ساڵی 2008 لە کارگەکانی بچووک (0.36)، لە کارگەکانی مامناوەندی (0.31) و لە کارگەکانی گەورە(0.59)بووە.بڕی سەرمایەگوزاری بۆ دابینکردنی یەک هەلی کار لە کارگەکانی بچووک (21) هەزار دۆلار، لە کارگەکانی مامناوەندی (43) هەزار دۆلار و لە کارگەکانی گەورە (97) هەزار دۆلار لە ساڵی (2008) بەراورد کراوە.

ژمارەی کارگەکانی دامەزراو لە ساڵی (2008) لە هەرێمی کوردستان (114) کارگەبووە کە (188) ملیۆن دۆلار بۆ دامەزراندنیان سەرفکراوە و (2330) فەرمانبەری دەست بەکارکردووە. بە بەراوردلەساڵی(2007)سەرمایەگوزاری بە ڕێژەی (77%) و هەلی کار بە ڕێژەی (31%) زیادی کردووە.

### لە 10 کارگەی حکومی تەنیا 3 یان کار دەکەن

هەرچی کارگەکانی حکومییە بە پێی بەڕێوەبەری پلاندانان و بەدواداچوون گوتی: ژمارەی کارگەکانی حکومی لە سەرەتای ساڵی 2009 لە سێ پارێزگای هەولێر، دهۆک، سلێمانی (10) کارگە بووە کە (3) لە هەولێر (1) لە دهۆک و (6) لە سلێمانی بووە کە بەهۆی ئاستەنگەکان (3) یان کاردەکەن و (7) یان ڕاوەستاون . بۆ بەگەڕخستنی ئەم کارگانە، وەزارەتی پیشەسازی بڕیاریداوە بە فرۆشتن یان بەکرێدانی ئەم کارگانە بە کەرتی تایبەت. ڕێژەی بەرهەمهێنان لە کارگەکانی حکومی زۆر خراپە و لە 20% تێپەڕ نابێت و ساڵانە زیانێکی زۆریان هەیە .

کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە لە سلێمانی

### دوو کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ بە توانای (3.5) ملیون تەن

پاشانیش بەڕێوەبەری پلاندانان ئاماژەی بەوەدا کە (2) کارگەی چیمەنتۆ لە شاری سلێمانی چالاکن کە بە سەرمایەی نزیکەی 800 ملیون دۆلار دامەزراون یان نوێکراونەوە. بەرهەمیان لە ساڵی 2008 نزیکەی (3.5) ملیون تەن بووە و زیاتر لە 1850 کرێکاریان هەیە . هەروەها بەڕێوەبەری پلاندانان ئەوەی ئاشکراکرد کە دوو کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتو مۆڵەتیان وەرگرتووە کە پێشبینی دەکرێت کە دامەزراندنی یەکێکیان لە ساڵی 2009 کۆتایی پێبێت وبڕی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان بگاتە نزیکەی 5 ملیون تەن لە ساڵدا.

### بەرهەمی (11%) ی کۆمپانیاکان لە پشکنینی کۆنترۆڵی جۆریی دەرنەچووینە

لەبارەی پشکنینی بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆشەوە بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون گوتی: کۆنترۆڵی بەرهەمی خۆماڵی یەک لە گرنگترین ئەرکەکانی وەزارەتی پیشەسازییە کە لەلایەن ب. کۆنترۆڵی جۆری وبە سوود وەرگرتن لە پێشکەوتووترین ئامێرەکانی تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێت .لەساڵی 2008 سەردانی 1046 کارگە کراوە وبەرهەمی 654 (62%) کارگەی بیناسازی و343 (33%) کارگەی پیشەسازی خۆراک تاقیکراوەتەوە و 4037 پیشکنینی تاقیگەی بۆ بەرهەمی ئەم کارگانە ئەنجام دراوە . (89%) ئەنجامی پشکنینەکان دروست بووە و (11%) نادروست بووە وئەم ئەنجامانە بوەتە هۆی ئاگادارکرنەوەی (85) کارگە وسزادانی (6) کارگە.

### مۆڵەتی دامەزراندن بۆ 256 کارگە بە بڕی 134000 ملیۆن دینار

عەبدولڕەزاق عوسمان لەبارەی مۆڵەتپێدانی کارگەکانی لە ساڵی 2008دا گوتی: لەساڵی 2008 (256) مۆڵەت بۆ دامەزراندنی کارگەکانی نوێ لە وەزارەتی پیشەسازی دەرچووە (هەولێر 57%، سلیمانی 35% ودهۆک 13% ) .

سەرمایەگوزاری پێویست بۆ دامەزراندنی کارگەکان نزیکەی 134000 ملیۆن دینار بەراورد دەکرێت وهەلی کار بۆ 4250 کەس دابین دەکەن. زۆرترین مۆڵەتی دەرچوو بۆ کارگەکانی پیشەسازی بینا (36%) وپیشەسازی خۆراک (20%) وکارگەکانی پلاستیک (8%) بووە. بەراورد لەگەڵ ساڵی 2007، ژمارە مۆڵەتی دەرچوو 35% کەمی کردووە کە بە هوێ پێدانی مۆڵەتی هەندێک لە کارگەکانی پیشەسازی لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان وهەندێک لەلایەن ژووری بازرگانی بووە کەلەم ئامارە حیساب نەکراوە .

### نەبوونی بازاڕ و برەوی فرۆشتن

### هۆکاری سەرەکی لە کاروەستانی کارگەکانی ناوخۆن

هەر لەبارەی لەکار وەستانی کارگەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی **ئیدریس ڕەمەزان حەجی مامۆستای یاریدەدەر و شارەزا لە بواری ئابووریی پیشەسازی لە کۆلێژی کارگێڕی وئابووریی زانکۆی سەلاحەدین** پێی وایە کە کۆمەڵێک هۆکار هەن کە ڕێگرن لەبەردەم پەرەسەندنی بواری پیشەسازی و لە کاروەستانی کارگەکانی ناوخۆیی کە گرینگترینیان، نەبوونی سەرمایەیێکی تەواو بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەو کارگەکان. دووەمیان نەبوونی پشتگیری حکومەت. سێیەمیان گرینگی نەدانە بە بەرهەمی ناوخۆیی لە لایەن هاووڵاتیانەوە. پاشانیش نەبوونی بازاڕ و برەوی بەرهەمی ناوخۆیی هۆکارێکی سەرەکی لە کاروەستانی کارگەکانی ناوخۆن.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە و ژیاندنەوەی کارگەکان و بەهێزکردنی تواناکانیان بۆ کێبڕکێکردنی بەرهەمی بیانی مامۆستا ئیدرس ڕەمەزان گوتی: دەکرێت حکومەت پشتگیرییێکی تەواوی ئەم کارگانە بکات چ لە ڕووی دابینکردنی سەرمایەیێکی باش یا پێداویستییە گرنگەکانی هەروەها جۆرە باجێک دابنرێتە سەر کالا و بەرهەمی بیانیی بەمەبەستی سنووردارکردنی تواناکانی کێبڕکێکردنی ئەو بەرهەمە کە ئەمەش ڕێگاخۆشکەرە بۆ زیادکردنی خواستی تاکەکان لەسەر بەرهەمی ناوخۆیی چونکە ئەوکات نرخی ناوخۆیی گونجاوتر دەبێت لە نرخی بەرهەمە دەرەکییەکان.



**ژمارەی کارگەکانی چالاک لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ دا (١٦٨٤) کارگە بووە وبە هۆی هەندێک ئاستەنگ کە گرنگترینیان بارودۆخی بازاڕ بووە نزیکەی (١٧٩) کارگە داخراون کە دەکاتە نزیکەی ١٠٪ کارگەکانی دامەزراو لە ساڵی ٢٠٠٨ داخراون.**

**عەبدولڕەزاق عوسمان**

# هەرێمی کوردستان و ئابوورییەکی نێودەوڵەتیی


**گۆران حوسێن**


گومان لەوەدا نییە کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی ئەمڕۆ بایەخدانە بە لایەنی ئابووری و لەبەرچاوگرتنیەتی بە جۆرێک ئێستا وای لێهاتووە بەهۆی گرنگی و بەرژەوەندییەکانی ئابوورییەوە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بە تایبەتی ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان بناسێنن ناکۆکییەکانی سیاسییان وەلاناوە.

لە سەرەتای مانگی ڕابردوودا بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا هەرێمی کوردستان نەوتی هەناردەی دەرەوە کرد لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وڵاتانەی هەرێمی کوردستان نەوتی بۆ ڕەوانەکردوون وڵاتی گەورە و زلهێزن و کاریگەرییان دەبێت لەسەر چارەنووسی وڵاتان. بۆیە ئەم هەناردەکردنەی نەوت لە بارودۆخێکی وەک ئێستای ئێراق کاریگەرییێکی باشی دەبێت بەسەر بار و لایەنی سیاسی هەرێم و پەیوەندییە دبیلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بەگشتی بە تایبەتی وڵاتی تورکیا کە دراوسێیەکی نزیکی ئێمەیە و هەردوو وڵات دەتوانن پێکەوە کاریگەری کارتێکەری باشی یەکتر لە ڕووی ئابووری و سیاسیشەوە.

لێرەدا هەرێمی کوردستان بە هەناردەکردنی نەوتەکەی دەبێتە هەرێمێکی گرنگ یا دەبێتە هەرێمێکی خاوەن ئابوورییێکی نێودەوڵەتی ئەمەش هێندەی دیکە ناسنامەکەی بە جیهان دەناسێنێت بە تایبەتی ئەو ئارامی و ئاسایشەی کە لێی بەرقەرارە کە هۆیێکی گرنگە بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرمایە و وەبەرهێنانی بیانی، چونکە تاکو ئێستاکە زۆر وڵات و وەبەرهێنەر بە گومانەوە سەیری باری ئاسایشی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، بەڵام ناردنە دەرەوەی نەوت ڕاستی و دروستی ئەو ڕەوشە ئارامە دەسەلمێنێت هەروەک چۆن لە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانیدا هاتووە کە ناردنە دەرەوەی نەوت سەرکەوتنێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان. بۆیە جێی خۆیەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کوردستان کار بکات بۆ هێنانە ئارای ئەقڵی گەورە لە بواری نەوت و هاوشێوەکانیدا تا کوردیش بتوانێت لە ڕێگەی نەوتەوە جیهانێک کەناڵی جیاجیای پەیوەندی ئابووری و سیاسی دروست بکات لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ئەمەشیان پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زۆر هەیە لەمبارەیەوە دەکرێت سوود لە توانا هزری و جەستەییەکانی ناوخۆ و بیانی وەرگرین بە تایبەتی زانکۆکانی کوردستان کە دەتوانن بەشداری ئەو پرۆسە گرنگە بکەن بە هێز و توانا زانستییەکانی خۆیان.

بائەوەشمان لە بیرنەچێت کە کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە کانزا جۆراوجۆرەکان و سروشتییە جوانییەکەی کە دەکرێت ئەمانە بکرێنە هۆیێک بۆ پێشخستنی باری ئابووریی و بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان.


ڕیکلام

DANAGAS

Crescent Petroleum


## ڕا پۆرتی هەفتانەی وزەی دانەغاز و نەوتی هیلال

# زۆربوونی خواست لەسەر بەرووبوومەکانی وزە ڕۆڵێکی زیاتر دەبەخشێت بە کەرتی تایبەت

ئەو گۆڕانکاریە یەک بەدوای یەکانەی لە دە ساڵی ڕابردوو کەرتی وزە بەخۆیەوە بینی و ئەو پرۆژە زەبەلاحانەی لە بواری ئابووری و بازرگانی و بیناسازیدا جێبەجێکراون و ئەوانەی ئێستا لە فەیزی جێبەجێکردندان جگە لە گۆڕانکاری هەیکەلی تۆمارکراو لەسەر شێوازەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان لە وڵاتەکانی بەرهەمهێنان و هاوردەکردن کۆی ئەو فاکتەرانە ڕەنگدانەوەیەک بوو بۆ ڕۆڵی گەشەکردووی کەرتی تایبەت. بە هاوکاری حکوومەتە مۆدێرنەکان کە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانە دەدات کە لە سیستەمی کارەبادا ڕوودەدەن بە تایبەتی هەروەها لە زیادبوونی خواست لەسەری و ئەمەش وایکرد کە بیر لە جۆرەها ڕێگە چارە بکرێتەوە و سنوور بۆ بەهەدەربردن و زیادەڕۆیی دابنرێت و ڕۆڵێکی زیاتر ببەخشرێت بە کەرتی تایبەت لە پێناو ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لە کەرتە خزمەتگوزاریە سەرەکییەکان و لە پێشیانەوە کەرتی کارەبا. سەرەڕای پێدانی هەلی پێشبڕکێی زیاتر بە بازارەکان کە ڕەنگدانەوەی زۆر گرنگی دەبێت لە مەودای کورت و مامناوەندی و دەرەنجام بووە هۆی ڕکابەری نێوان وڵاتە بەرهەمهێنەرەکان بۆ پاراستنی توانای بەرهەمهێنان و دابینکردنی پێداویستی وزە بە باشترین شێواز بە هۆی توانای بەهێزی ئەم وڵاتانە لە سەرفکردن. لە کاتێکدا دەبینین کە وڵاتە کەمدەرامەتەکان ئەوانەی کە بەرهەمەکانی وزە هاوردە دەکەن هەمیشە لە جموجوڵدان بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی هەیکەلی کەرتەکانی خزمەتگوزاری کە لە پێشیانەوە کەرتی کارەبایە کە بە شێوەیەک زیاد دەکات کە لە سەرووی توانای زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەیە کە تا کۆتایی ساڵی 2010 پێشبینی دەکرێت کە لە 65 میگاوات تێپەڕبکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خواستی زیادبوو و وەبەرهێنانی پێویست بۆ دابینکردنی خواستە زیادبووەکەش هەر لەو ماوەیەدا دەگاتە 50 ملیار دۆلار.

لەگەڵ زیادبوونی کۆی بڕی تێچوون کە لە ئەستۆی ئابووری گشتی وڵاتانی ناوچەکەیە بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی لە کەرتی کارەبا و بەرهەمەکانی نەوت بە گشتی و گەیشتنی بە ئاستێک کە ناتوانرێت بودجەی بۆ دابین بکرێت ڕێخۆشکەرە بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی و بە هۆیەوە کەرتی تایبەت دەتوانێت پێبنێتە نێو وەبەرهێنان لە کەرتی وزە و بەشداریکردن لە چاکترکردنی بەرهەمهێنان بە زۆر شێواز چ لە ڕێگەی گرێبەستی ئیمتیاز یا گرێبەستی ئیدارە و بەڕێوەبردن یا هێنانی کۆمپانیای سەربەخۆ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و ئاو و گرێبەستی ئیشپێکردن و سیانە و زۆر لە شێوازەکان وەبەرهێنان کە دەبێت لە هەموو لایەکەوە هان بدرێت و هاوکاری بکرێت، ئەمەش کاریگەری زۆرباشی دەبێت لەسەر جۆر و نایابی خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکان و لێهاتوویی ئیداری و وەگەڕخستن، و ئەمەش حاڵی زۆر لە وڵاتانی ناوچەکەیە کە هەوڵی نزیکبوونەوە دەدات لە کەرتی تایبەت بۆ گەیشتن بە حاڵەتێک لە هاوبەشیکردن و تەواوکاری شمولی.

سەرەڕای کەمبوونەوەی وەبەرهێنانەکان لە کەرتی نەوت و گاز تێڕوانینی لێلانەی داهاتووی کۆمپانیاکان لە مەودایەکی کورت، بەڵام داهاتوو گەشبینیەکی زۆری پێوە دیارە کە بەهۆیەوە داوا لە کۆمپانیاکان دەکرێت کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ داهاتوویەکی زیندووبوونەوە و گەر زانیمان کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە 5 ساڵی داهاتوو پێویستی بە 80 ملیار دۆلار وەبەرهێنان هەیە لە کەرتی وزە ئەمە هەلی وەبەهێنانی ستراتیجی و قازانجی زۆر بە کەرتی تایبەت دەبەخشێت کە لە کەرتەکانی تر زۆر کەمە و کەرتی وزە بە گشتی هەمیشە خواستی ڕوو لە زیادبووی لەسەرە و کەرتی تایبەت بەلای هەموو پێکهاتەکانی کەرتی تایبەتدا ڕادەکێشێت و لە پێشیانەوە کەرتی کارەبا کە بە دەروازەی چوونە نێو کەرتی تایبەت دادەنرێت بۆ ناو کەرتەکانی وزە بە گشتی و بە هەموو شێوە و پێکهاتەکانیەوە بۆ بەدەستهێنانی ئارامی و گەشەسەندن و برەودانی زیاتر و کارەمەیی لە بەکارهێنان کە لەگەڵ گەرەنتیەکانی گەشەسەندنی بەردەوامدا دەگونجێت.

**گرنگترین پێشهاتەکانی هەفتەی ڕابردوو لە کەرتی نەوت و گاز لە (کەنداو)**

**ئیمارات**

کۆمپانیای ئەبوزەبی ئیشکردوو لە ناوچە دەریاییەکان (ئەدما ئەل عامله) گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای (ئیپیک)ی نیشتیمانی بۆ بیناسازی نەوت مۆرکرد کە بریتییە لە گرێبەستی ئەندازیاری و بیناکاری تایبەت بە دیوی دەریایی پرۆژەی (حەبشان) بۆ پێشخستنی گازی تەواوبوو بە بەهای 402 ملیۆن دۆلار و کەمکردنەوەی پرۆژەکە لە 2ی نیسانی ڕابردوو مۆرکرا دوای ڕەزامەندی کۆمپانیای نیشتیمانی ئەبوزەبی و ئەنجوومەنی باڵای نەوت و ئەم پرۆژەیە بە بەشێک دادەنرێت لە سیستەمی کۆمپانیای (ئەدنۆک)ی نەوتی ئەبوزەبی بۆ پێشخستنی گازی تەواو و دەسپێکی ستراتیجی بۆ بەرهەمهێنان و شیکردنەوەی گازەکە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پلانی سەرتاسەری (ئەبوزەبی).

لە لایەن خۆیەوە کۆمپانیای ئەدنۆک هەستا بە دواخستنی تەندەری بیناسازی سەرەکی لە پرۆگرامی گەشەپێدانی کێڵگەی (شاە) کە بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیا فیلیپ کۆنۆکۆ جێبەجێ دەکرێت بۆ چاوخشاندنەوە بە قەبارە و جۆری کارەکانی پرۆژەکە لە سەرچاوەی نزیک لە پرۆژەکە کە هێڵی بۆڕی بە درێژایی 136 کیلۆمەتر دەگرێتەوە.

کۆمپانیای (مصدر) ی ئەبوزەبی بۆ وزەی داهاتوو کە سەر بە کۆمپانیای گەشەپێدانی(مبادله)یە گرێبەستێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ دەستەی نیشتیمانی نەوت و گاز لە بەحرێن مۆرکرد بۆ پێشخستنی پرۆژەکانی سنووردانان بۆ دەرچوونی کاربۆن بە پێی ئالیەتی گەشەپێدانی خاوێن لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆلی کیۆتۆ. ئامانجی ئەم گرێبەستەش بریتییە لە یەکخستنی هەوڵی ئیمارات و بەحرێن بۆ پێکەوە کارکردن بۆ دیراسەکردنی پێشخستنی پرۆژەکانی ئالیەتی گەشەپێدانی خاوێن لە کەرتی نەوت و گاز لە بەحرێن.

هەروەها کۆمپانیای (تەکریر) گەورەترین گرێبەستی بەخشی بە کۆمپانیای (دریدنگ ئەنتەرناشیونال )ی هۆڵەندی بۆ پرۆژەی گەشەپێدانی پاڵاوگەی (ڕویس) کە بەهاکەی دەگاتە یەک ملیار درهەم، ئەو گرێبەستەی کە کۆمپانیاکە مانگێک بەر لە ئێستا بەدەستی هێنا بریتییە لە کارە ئامادەکارییەکان لە سایتی (ڕویس) کە پاڵاوگە تازەکەی لێ دروست دەکرێت بۆ دەرهێنانی 42 ملیۆن مەتر سێجا خۆڵ و لە 7ی ئەم مانگە کۆمپانیا هۆڵەندیەکە دەست بەکار بوو.

**کوێت**

دەزگای نەوتی کوێت کە لە لایەن دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرێت گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای (ڕویال داتش شیل) مۆرکرد بۆ هاوردەکردنی گازی سرووشتی شلی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و کوێت بە نیازە لە سەرەتای مانگی ئاب دەست بە هاوردەکردن بکات لە کاتێکدا هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی بڕی گازەوە کە کوێت هاوردەی دەکات نەدرا. ئەمە و کوێت دەستی کرد بە بیناکردنی وێستگەیەک بۆ هاوردەکردنی 500 ملیۆن پێ سێجا گاز لە ڕۆژێکدا کە لە هاوینی ئەمساڵەوە دەست پێدەکات و چەند دانوستانێکی کرد بۆ هاوردەکردنی گازی سرووشتی شل. کوێت گەورەترین ڕێژەی سەرفکردنی تاک بە خۆیەوە دەبینێت لە کارەبا لە جیهان.

**سعودیە**

پێشبینی دەکرێت کە کۆمپانیای نەوتی (ئارامکۆ)ی نیشتیمانی هەڵبستێت بە بانگهێشتکردنی بەڵێندەرەکان بۆ پێشکەشکردنی تەندەرەکانیان لە مانگی تەمووز بۆ 7 پرۆژە لە نێو پرۆژەی پاڵاوگەی (تەکریر)ی هاوبەش بە توانای 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لەگەڵ کۆمپانیای (کۆنکۆ فلیپس)ی ئەمەریکی، ئەمە و هەردوو کۆمپانیاکە لە تشرینی دووەم کاری پێشکەشکردنی تەندەرەکانیان وەستاند بە هۆی ناجێگیری بازرەکانی دراو و کەمبوونەوەی کرێی هاتووەکان، بە پێی هەندێک سەرچاوە بانگهێشتەکە ئاراستەی 29 بەڵێندەر کراوە بۆ پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە شەش گرێبەستی کاری ئەندازیاری و هاوردەکردن و بیناسازی و هەروەها 7 کاری تر کە بەهاکەی کەمتر نییە لە 4 ملیار دۆلار لە مانگی تەمووز ڕادەگەیەنرێت.

لە لایەن خۆیەوە کۆمپانیای (ساتۆرۆب) کە پرۆژەیەکە لە سێپتیمبەری ڕابردوو دامەزرێنرا بۆ کۆکردنەوەی هەردوو کۆمپانیای (ئارامکۆ)ی سعودی و (تۆتاڵ) ی فەرەنسی ڕایگەیاند کە پلانی داڕێژتووە بۆ مۆرکردنی 1 پرۆژەی بەڵێندەرایەتی بۆ دروستکردنی پاڵاوگەی جبیل بۆ هەناردەکردن. کە توانای پاڵاوتنی 400 هەزار بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا کە بڕیارە لە نیوەی دووەمی ساڵی 2013 دەست پێبکات.

و بە پێی بڕیارێک کە ساڵی ڕابردوو دەرچوو بەهای گرێبەستەکان کە لە لایەن ئەنجومەنی ئیدارەوە مۆرکراوە دەگاتە 10 ملیار دۆلار.

**قەتەر**

چەند وەبەرهێنێکی قەتەری ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ کڕینی 85 لە سەدی پشکەکانی پرۆژەی وێستگەی وزە لە ئەندەنووسیا بە بەهای یەک ملیار دۆلار، جێی باسە کە ئەم وێستگەیە کە پرۆژەیەکە لە (بالی) بونیات دەنرێت یەکێکە لەو پرۆژانەی کە لە قەتەر و ئەندەنووسیا جێبەجێ دەکرێن لەوانەش وەبەرهێنان لە هەردوو کەرتی سامانی سرووشتی و بونیاتی سەرەکی.



**دەکرێت حکومەت پشتگیرییێکی تەواوی ئەم کارگانە بکات چ لە ڕووی دابینکردنی سەرمایەیێکی باش یا پێداویستییە گرنگەکانی هەروەها جۆرە باجێک دابنرێتە سەر کالا و بەرهەمی بیانیی بەمەبەستی سنووردارکردنی تواناکانی کێبڕکێکردنی ئەو بەرهەمە.**

**ئیدریس ڕەمەزان**